## ئەوین

هەر جارێ دێمە بەر دەمتان ؛
دەتان هەوێ ،
نە زۆر ،نە کەم
باسی خۆشەویستی نەکەم !

ئاخر چبکەم ؛
ئەمن خەڵکی وڵاتێکم ،
ـ کوردەواری ـ !
وەک بەهەشتە گوند و شاری !
ئەوەندە عاشقی ئەو خاکەم
کە هەر شێعرێکی دەینووسم ،
دەبێتە شێعری دڵداری !

## پەیکەر

« سیامەند»ێکم زۆر دڵگیر
لە ناو رکەی خەما پەخسیر !
بەتەشوێی بیر
لە مەرمەڕی شێعرەکانم
دادەتاشم پەیکەری تۆ!

بەڵام هەی هۆ !
ناسکە « خەجێ »
ئەتۆ لە کوێ و
شێعر لە کوێ ؟!

---

## بێدەسەڵاتی

ڕۆژێ وایە
هەر بە ئەنقەست
چاویلکەکەم
لە ماڵەوە بەجێ دێڵم !
تا هەر نەبێ
ئەو ڕۆژەیان
شاد و ئازاد
لێڵ ببینم
ڕووخساری پەیکەری جەللاد !

## نزا

من و
تەنیایی و
تاریکی و
مۆمێکی نیوە داگیرساو !

خوایە نەکا ،
بایەک هەڵ کا !

## کاڵێ

کاڵێ ،
بەینێکە هیچ ناڵێ !

جاران سەراپا زوبان بوو
جاران سەراپا گوێ بوو !

کە زوبان بوو هەر هاوار بوو
کە گوێ بوو،
پڕ لە ترپەی دڵی شار بوو !

زوبانیان بڕی
گوێیان کەڕ کرد
وەک سەنگی مت
لەگۆشەیەک هەڵیان پەسارد !

لە جێی زوبانی بڕاوی
سەدان زوبانی لێ ڕوا !
لە جێی گوێچکەی کەڕ کراوی
سەدان گوێچکەی پێوە لکا !

بەڵام سەیرە !
زوبانی ئێستای بێدەنگن
گوێچکەی ئێستای کپ و ورن !

تۆپی لە ژێر پێ دەردەکەن
ڕۆژی سەد جار
مردنی خۆی نیشان دەدەن
وەک سەنگی مت متەق ناکا !

کاڵێ، پەری شێعری منە
کاڵێ ، ڕووحی شێعری منە
کاڵێ کاڵێ کاڵێ
کاڵێ بەینێکە هیج ناڵێ !

## دژایەتی

خوێنمان بە جۆیەک دا ناڕوا
دووڕین لە یەک
وەکوو ؛ بەفر و
گوڵە هێرۆ
عەرز و عاسمان
غەم و شادی !

ئەوان ،
خەویان لە من دەوێ
من ڕاپەڕین !

ئەوان ،
تامەزرۆی بێدەنگین
من ئازادی !

## خاج

کە هێشتاکە لە گەڵما بووی؛
من نەمریم ئەهۆنیەوە
بۆ گەردنی وەفاداریت !

کە بایی بووی ؛
قەڵەمێکی ڕاست و چەپم پێدا
هێنای
لە خاجم دای !

## سوژدە

لە عاستی هیچ دەسەڵاتی ،
هەرگیز سەرم دانەنەوی !
ـ بۆ هیچ کەسێ ـ
سوژدەم نەبرد ،
وەک ترسەنۆک !
هەرخەیاڵ بوو ؛
بۆ زێڕ ، بۆ زۆر ،
بێمە سەرچۆک !

بەڵام کاتێ گەڕامەوە ،
بۆ زێدەکەم ؛
ئازاد ، بێ باک ؛
سوژدەم برد و
ناوچاوانم ،
خستە سەر خاک !

## کە جێم دێڵی

کە دێیە لام ،
دەبمە سوڵتانی سەرزەوی
چی دوندی بەرزی دونیایە
لە بەر چاوم نەوین نەوی!
کە جێم دێڵی،
ژاکاو، ناشاد
دەبمەوە شاعیری خەمان :
ک.د.ئازاد !

## تاران

تاران پێتەختی ستەم بوو
لام دزێو بوو
جێگای جەردەو دز و خێو بوو؛

**

بەڵامەوە ڕۆژەوە کە تۆ
پێت خستە ناو زانکۆی تاران
تاران ئیتر،
بوو بە بووکی هەموو شاران!

### خەون

لە خەوم دا ،
چاوم بریبۆ چاوی خوا
کە ڕاپەڕیم ،
تۆ لە تەنیشتم دانیشتبووی
ئەی خواوەندی پاکی و جوانی
لە چاوی منت دەڕوانی !

### تۆران

لە کێو فێر بووی ؛
یاخی بوون و
سەربەخۆیی و سەرنانەوە !

لە شەو فێر بووی ؛
خۆشاردنەوە و
دووبارە سەر هەڵدانەوە !

لە خەم فێر بووی ؛
لە ناو ناخی ،
عاشقان دا حەسانەوە !

منیش ،
ڕووبار فێری کردووم ؛
هەرگیز ئاوڕ نەدانەوە !
ڕۆیشتن و
ڕێبواری ڕێی پڕ خەتەر و
بێ تان و بێ گەڕانەوە !

### هەرمان

لە سەر گەڵا ناوتم نووسی،
پایز بە تاڵانی بردی !

لە سەر بەفر ناوتم نووسی
هەتاو غەرقی ئاوی کردی !

لە سەر وردە خیزی بەستێن
ناوتم نووسی
دەریا هە ڵچوو
ئاسەواری لێ نەهێشتی !

لە دەفتەری شێعرەکانما
ناوتم نووسی
وەکو شێعر بوویە نەمر
ئیتر هەرگیز ،
نەیان توانی بت سڕنەوە ،
ئاو و ئاگر !

### دڵنیا یی

بیر لە هەرچی دەکەمەوە ،
دەکەومە ناو شک و گوما ن .
زۆر دەترسم لە داهاتوو
زۆر دوو دڵم ،
لە ئاکاری دونیای ئەمڕۆ !

بەڵام لە دوو شت دڵنیام ،
وەفای خۆم و
ئەوینی تۆ!

### بەقا

ئەمشەو پڕم لە یادی تۆ!
وەکوو دەریا ،
لە شەپۆل و
وەک ئاسمان لە ئەستێرە !

ڕەنگە دەریا بێ شەپۆل بێ و
ئەستێرەکان
ڕۆژێک ،
ئاسمان بە جێ بێڵن !
بەڵام ،
هەرگیز باوەڕ مەکە
شۆخی پەریم ؛
لە مەبەولا ،
بێ تۆ بژیم !

### ئاوێنە

وەک ئاوێنەی باڵانوێنی
من دەنوێنی ،
هەر لە تۆدا خۆم دەبینم
گەڵای زەردی خەمەکانم
لە بەر تۆدا دەوەرێنم
زوڵفی سەوزی بەهارانەم
بەرانبەر تۆ دادەهێنم
هەرچی هیوا و دڵخۆشیمە
بە هۆی تۆوە دەنەخشێنم !

بەڵام ،
ئەگەر تۆش ڕۆژێکی
لێڵت کردم
دەت شکێنم !

### ڕێز

کە دێم بۆ لات
لە جێگە ژوان ،
کڵاشەکانم دادەنێم !

لەسەر زەمین
کوێ پیرۆزتر لەو خاکەیە ،
دوو دڵداری لەسەر دەژین ؟

لە قەفی گۆچانێک هەڵکەندرا بوو!

### ڕق

ڕانەمەڕی ئەم چیایە
قەت نا بەخشن ،
ئەو گورگانەی ئێستا وەک
سەگ ،
دەلێسنەوە پێڵاوی شوان ،
کلکە سووتە دەکەن بۆ نان !

### تا ئەو پەڕی فەرامۆشی !

حەزم دەکرد ؛
وەک سۆزی عاشقانە بی
جوان بووکەکەی ،
شارە جوانەکەم« بانە »بی!
ئەفسانە بی !

حەزم دەکرد ؛
بەهانە بی !
فەرامۆش کەم ،
هەموو جیهان بە لاتەوە !

بەڵام ئێستا ،
ئەگەڕێم بۆ بەهانەیەک
کە تۆم لە بیر بباتەوە !